# شوناسی ژن لە کوردستانی دێریندا، لە ڕوانگەی دیمەنە هونەرییەکانەوە

# (لەهەزارەی سێیەم تا کۆتایی هەزارەی یەکەمی پ.ز. نموونەی هەڵبژێردراو)

د. وفاء طاهر محمد [1]

[1] بەشی شوێنەوار، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، Wafa.mohamad@univsul.edu.iq

نووسەری پەیوەندیکار: د. وفاء طاهر محمد *

## پوختە

بە شێوەیەکی گشتی لە کوردستانی دێریندا ژن ڕۆڵێکی گرنگ و پڕ بایەخی لە زۆربەی کایەکانی ژیاندا هەبووە، تا ئاستێک بایەخی پێدراوە، کە لە سیفەتی ژنبوون و دایکایەتی ، بەرپرس لە کاروباری ماڵەوە، بچێتە قۆناغێک، کە لە ناو هەموو بوارە گرنگەکانی کۆمەڵگەدا پێگەی تایبەتی هەبێت، لەم سۆنگەیەوە دیمەنە هونەرییەکان نموونەی دیار و بەرچاون، کە دەیەوێت ناسنامەی ژن دیاری بکات، تاوەکو پێمان بڵێت ژنان وەکو کەمینە و چینی پەراوێزخراو تەماشا نەکراون. بەڵکو وەک یەکەم خواوەند، کە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر شوناسی ژن لەسەردەمانی کۆندا بەجێ هێشتووە، جگە لەمەش وەک سەرکردەو بەرپرس و ئامۆژگاریکارێکیش دەرکەوتوون. ئەمانەش لە دیمەنە هونەرییەکاندا بە تەواوەتی ڕەنگی داوەتەوە و بە گشتی کاریگەریی لەسەر شوناسی ژن جێهێشتووە. لەگەڵ ئەوەشدا هونەر خۆشی بە شێوەیەکی چالاک بەشداری دەکات لە درووستکردن و گۆڕینی ئەو شوناسە.

لەم توێژینەوەیەدا توێژەر هەوڵدەدات بە لێکدانەوەی بەڵگە شوێنەوارییەکان، وێنایەکی ڕوونتری دیوی شاراوەی شوناسی ژنان لە دێرزەمانەوە بخاتە ڕوو. هەروەها تیشک بخاتە سەر مێژووی دەرکەوتنی ژن لەسەر دیمەنە هونەرییەکان و ڕۆڵ و پێگە و گرنگییان نیشان بدات، جگە لەمانەش توێژەر هەوڵدەدات ئەو بۆچوونە جیاوازانەش بخاتە ڕوو، کە باس لە کاریگەریی و ڕەنگدانەوەی سروشتی ژنان لەسەر شوناسیان دەکات. هەروەها توێژەر هەوڵدەدات وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانە بداتەوە کە دەرکەوتنی ژنان لەپایە گرنگەکاندا، بە پاڵنەری خۆیان بووە، یاخود کاریگەری کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئاینی وایلێکردوون بگەن بە ئامانجەکانیان؟

**وشە کلیلییەکان:** شوناسی ژن، دیمەنی هونەری، خواوەند، کوردستانی دێرین، بەڵگە شوێنەوارییەکان.

## 1.پێشەکی

شوناسی ژن بریتییە لە ناسنامەی ناوخۆیی مرۆڤ سەبارەت بە ڕۆڵ و ناسنامەی ژنایەتی خۆی. هەربۆیە دیمەنە هونەرییەکان بە یەکێک لە پاشماوە شوێنەوارییە گرنگەکان دادەنرێن، کە تا ئێستاش ماونەتەوە و شوێنەوارناسان بە گرنگییەوە لێیان دەڕوانن، دەرکەوتنی ژنیش بە شێوەیەکی بەرچاو لەسەر شوێنەوارەکان گرنگ و بایەخیان زیاتر دەکات، گومانی تێدا نییە ژنان بەدرێژایی چاخەکانی مێژوو ڕۆڵێکی گرنگیان هەبووە، سەرەرای کاروباری ناو ماڵ و منداڵ پەروەردەکردن، ئەرکی دەرەوەی ماڵیشیان ئەنجام داوە.

## 2.کێشەی توێژینەوە:

نەخشە هەڵکۆڵراوەکان بەشێکی گرنگن لە دەرخستنی ڕۆڵی ژنان، هەرچەندە هەندێکیان نوسینیان لەسەر نییە و خاوەنەکانیان دیارنین و تا ئێستاش مێژووەکەیان جێگای باس وخواسی شوێنەوارناسانن، هەرلەبەرئەمەشە بە تەنها لەڕێگای هونەرەوە ئەتوانرێت لەم

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps**://sjh.univsul.edu.iq/, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12556]
- **Submission Date:** [23/02/2026], **Revised Date:** [25/02/2026], **Accepted Date:** [14/05/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

نەخشانەو لە هۆکاری دروستکردن و بەگرنگ سەیرکردنی ژنان تێبگەین.

**3.ئامانجەکانی توێژینەوەکە:**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ڕوونکردنەوەی ئەو مەبەستانەیە کە دیمەنی ژنانیان تێدا دەرکەوتووە، لەگەڵ دەرخستنی ئەو گۆڕانکاریانەی، لەدیمەنە هونەرییەکاندا کاریگەریان لەسەر شوناسی ژنان هەبووە، هەروەها هۆکاری دەرکەوتنی ژنان بە شێوەی جیاواز لە دیمەناکاندا، چۆن کاریگەریان کردۆتە سەر شوناسی ژنان.

**4.میتۆدی توێژینەوە:**

پشت بەست بە ناونیشانی توێژینەوەکە پەیوەست بە لێکۆڵینەوە لە دیمەنە هونەرییەکان(هەڵکۆڵراوکان، پەیکەر، چاپی مۆر)، کە ژنیان تێدا دەرکردووە، لە دیمەنە جیاوازەکاندا توێژەر ڕێبازی شیکاری بەراوردکاری پەیرەودەکات.

**5.پرسیارەکانی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ وەڵامدانەوەی چەند پرسیارێک گرنگترینیان: مەبەست لە هەڵکۆڵراوەکان چین بەگشتی و بوونی دیمەنی ژن لەسەر هەڵکۆڵراوەکان بەتایبەتی؟ ئایا ژنان ویستویانە شوناسێکی تایبەت بەخۆیان هەبێت؟ ئەگەر نەخێرە بۆ؟ ئەگەر بەڵێیە ؟ ژنان ویستویانە چ جۆرە شوناسێکیان هەبێت.

**6.گرنگی توێژینەوە:**

لەم توێژینەوەیەدا تیشک دەخەینە سەر دەرکەوتنی ژن لەسەر شوێنەوارەکانی کوردستان، بە پشت بەستن بە دیمەنە هونەرییەکان و بەتایبەتیرتیش هەڵکۆڵراوەکان و چاپی مۆرە لولوییەکان. هەر لەم دیمەنانەوە دەبینین ژنان پلەو پایەی بەرزیان هەبووە هەتا ئەوەی ژن گەیشتۆتە پلەی خواوەندێتی و ڕۆڵی جیاوازی بینیوە. ئەم شێوە و ڕۆڵە جیاوازانەش، گرنگی تایبەتی خۆیان هەیە لە دیاریکردنی شوناسی ژنان. هەروەها توێژەر هەوڵدەدات هۆکاری دەرکەوتنی ژن لە زۆرێک لەدیمەنە هونەرییەکان بخاتە ڕوو، لە پاڵ ئەمەشدا سەرەتایی دەرکەوتنی ژن و ڕۆڵی لە پێشکەوتنی شارستانییەت و مێژووی ناوچەکاندا دیاربکات.

**7.دیمەنە هونەرییەکانی هەزارەی سێیەم**

**7.1. هەڵکۆڵراوەکانی هەزارەی سێیەم**

لە ناوچەی توێژینەوەکەماندا تا ئێستا یەک هەڵکۆڵراو دیمەنی ژنی تێدا دەرکەوتووە، لێرەدا هۆکاری دەرکەوتنی ڕۆڵی ژن لەم هەڵکۆڵراوەدا، بە ووردی باس دەکەین.

**7.1.1 هەڵکۆڵراوی ئەشکەوتی گوندوک**

هەڵکۆڵراوی ئەشکەوتی گوندوک یەکێکە لە هەڵکۆڵراوەکانی ناوچەی کوردستان، کە ئەکەوێتە باکوری ڕۆژئاوای شاری ئاکرێ، لە نزیک گوندی گوندوک(Hasan, 2019: 48؛ الأمين، (١٩٤٨): ٢٠٤)، بە دووریی 1.5کم لە دۆڵی شیفاگلی شێخی لە ڕۆژئاوای قەزای ئاکرێ، سێ تابلۆ لەم ئەشکەوتەدا دەبینرێت، دوو تابلۆیان لەسەر یەکن لەلای چەپی دەرەوەی ئەشکەوتەکەن، بەڵام تابلۆی سێیەم لە ناو ئەشکەوتەکەدایە، لەسەر دیواری لای ڕاستیدا هەڵکۆڵراوە(ئفندي، ٢٠١٣: ٨٢؛ الأمين، (١٩٤٨): ٢٠٤). لێرەدا تەنها باس لەیەک تابلۆیە دەکەین و ئاماژە بە تابلۆکانیتر ناکەین، لەبەرئەوەی دیمەنی ژنی تێدا دەرنەکەوتووە، بۆیە ئەو دیمەنانە ناچنە ناو چوارچێوەی توێژینەکەمانەوە.

**تابلۆی دووەم**

تابلۆی دووەم دەکەوێتە بەشی خوارەوەی تابلۆی یەکەم، لە دیمەنەدا پێنج کەسی کامڵ و سێ منداڵ دەرکەوتوون، تا ئێستا توێژەران بیرو ڕایەکی کۆکیان هەیە لەسەر لێکدانەوی ئەم تابلۆیە، کە ئەم دیمەنە کۆبوونەوەیەکی خێزانی یاخود ئاهەنگێکی خنجیلانەیە(الأمين، (١٩٤٨): ٢٠٥)، بەڵام توێژەر هەوڵدەدات خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ ئەم دیمەنە بخاتە ڕوو. جیاواز لەوەی کە ئاهەنگ یاخود کۆبونەوەی خێزانی بێت، بەڵکو دەکرێت ئەم دیمەنە تقوسێکی ئاینی تایبەت بە منداڵان بێت، یان پیشاندانی چارەسەری نەخۆشی منداڵان بێت، لەبەرئەوەی هیچ نوسراوێک لەسەر ئەم تابلۆیەو تابلۆکانیتری ئەم ئەشکەوتە نییە، لەرێگەی هونەریشەوە زۆر ئەستەمە کەسایەتییەکانی ناو ئەم دیمەنە بناسرێنەوە بۆیە گەیشتن بە ڕایەکی گشتگیر و یەک لا کەرەوە لەوانەیە سەخت بێت.

لە ناوەڕاستی ئەم دیمەندا دوو کەس لە بەرامبەر یەک لەسەر کورسی دانیشتوون، قەبارەیان لەکەسەکانیتر گەورەترە، ئەو کەسەی لەلای ڕاست دانیشتووە تەنورەیەکی درێژی لەبەردایەو بەشی سەرەوەی لاشەی ڕووتە، قژی هۆنراوەتەوە و تا سەرشانی هاتووە، وەک حەکیمێک/پزیشکی منداڵان دەرکەوتووە و چارەسەری نەخۆشی بکات، هەربۆیە مناڵێکی ڕووتی پێیە دەیداتەوە دەستی دایکی، دایکیشی کە منداڵێکیتری پێیە، بەهەمان شێوە جلی لەبەردانییە، لەبەرامبەری لەسەر کورسیەک دانیشتووە، هەوڵدەدات منداڵەکەی لێوەر بگرێت و ئەویتر دەداتە دەست پزیشکەکە، جلی منداڵەکەشی بەدەستەوەیە، کەسێکیش کە لە پشتی پیاوەکە/حەکیمەکەوە وەستاوە جلێکی درێژی پانی لەبەردایەو و تەشتێکی لەسەرسەری داناوە و بە هەردوو دەستی گرتویەتی، دوو کەسی تر لە پشتیەوە دەرکەوتوون، کە یەکێکیان ئەیەوێ نێچیرەکەی پارچە پارچە بکات و ئەویتر ئەیەوی تیرەکە لاببات. لەلای چەپ دوو کەس لەدوای ژنەکەوە وەستاوەن، کە لەوانە دایک و باوکێک بن و منداڵەکەیان هێنابێت و لە نۆرەیا وەستابن، ئەوەی پێشەوەیان وا پێدەچێت پیاو بێت منداڵەی بەدەستەوەیە، جلێکی کورت تا سەر ئەژنۆی لەبەردایە، (بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم بابەتە دەڕوانرێتە(Hasan, 2019: 51; فندي، ٢٠١٣: ٨٢; وهبي، ١٩٨٧: ٥٥٦-٥٥٧)، منداڵەکە جلی لەبەردایە، کەسێکیتر لەدوایەوە وەستاوە دەستی بۆ پێشەوە درێژکردووە ئەوەی منداڵەکەی ژێری بکاتەوە، جلێکی درێژی لەبەردایە، قژی کورتەو بەستراوە وێنەی(1) .

هەربۆیە لێرەدا دەڵێین، ئەگەر ئەم دیمەنە شاهانە بێت، ئەبوایە ئەو دوو کەسەی لەسەر کورسیەکە دانیشتون، جیاوازیەکیان هەبوایە، وەک ئەوەی جلێکی تایبەت و جیاوازیان لەبەردابێت، تاجیان لەسەردانییە، و هیچ خشڵێک و جوانکارییەکیان پێوەنییە، ئەگەر هەشبووبێت دیار نەماوە، بەهۆی داشۆرانی زۆرەوە. واتە لە ئێستادا هیچ جیاوازییەکیان لەگەڵ کەسەکانی چواردەوریاندا نییە، لەگەڵ ئەمانەشدا، ئەگەر کۆبوونەوەی خێزانیی و ئاهەنگ گێران بێت؟ بۆچی دەبێت دوو منداڵ جلیان لەبەردا نەبێت، هەروەها ئەگەر ئاسایی بوایە منداڵ بێ جل دەرکەوێت ئەی بۆچی منداڵی سێیەم جلی لەبەردایە.



وێنەی1

دەرکەوتنی دیمەنی ژن لە هەڵکۆڵراوی ئەشکەوتی گوندوک

وەرگیراوە لە: Börker- Klähn, 1982, 234 (text); no. 275 (plates)

**مۆرە لولەییەکان:** ژمارەیەکی زۆر لە مۆرە لولەییەکانی ئەم هەزارەیە، دیمەنی جۆراو جۆری ژنان دەرکەوتوون، توێژەر لەخوارەوە ئاماژە بە چەند دیمەنێک دەکات:

**7.2.1 مۆری یەکەم**: دیمەنی دەرکەوتنی چوار ژن لەسەر چاپی مۆرێک کە لە گردی مۆزان( ئورکیش (کۆمەڵە مۆرێکی لولویی لە ئورکیش دۆزراوەتەوە بۆ زانیاری لەسەر ئەم پاشماوە شوێنەوارییە و هەڵکۆڵینەکان دەڕوانرێتە Buccellati/Kelly-Buccellati, 1998: 12). لەم دیمەنەدا وەک ئاماژەمانپێدا چوار ژن دەرکەوتوون وێنەی(2)، یەکێکیان خواوەندێکی سەرەکییەو لەسەر کورسیەک دانیشتووە، کورسیەکەی لە شێوە شاخ دروستکراوە، ئەم خواوەندە کڵاوێکی شاخ داری لەسەردایە قژێکی درێژی هەیە و جلێکی درێژی قات قاتی لەبەردایە و شانێکی ڕووتە، دەستی ڕاستی بۆ پێشەوە ڕاگرتووە وەک ئەوەی بیەوێ کاسەیەک/پەرداخێک وەربگرێت، سێ ژنی تر لەبەردەمیا وەستاون ئەوەی پێشەوەیان بەخواوەندێکی پلە نزم دەچێت(کڵاو و جل وبەرگەکەی لە هی خواوەندی سەرەکی دەچێت)هاتبێت تکا بۆ ئەو دوو خانمەی تربکات(بۆ زانیاری زیاتر و بینی دیمەنی هاوشێوەی ئەم چاپی مۆرەدەڕوانرێتە: حاج درویش، ٢٠٠٦: وێنەکانی ٧٦-٧٧-٧٨ ٨١-٨٢ ).


- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps**://sjh.univsul.edu.iq/, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12556]
- **Submission Date:** [23/02/2026], **Revised Date:** [25/02/2026], **Accepted Date:** [14/05/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

دۆزینەوەی ژمارەیەکی زۆر لە هاوشێوەی ئەم چاپی مۆرە ئاماژەیەکی گرنگە بۆ زۆری ژمارەی خواوەندی ژن و بە گرنگ سەیرکرن و هەبوونی دەسەڵاتێکی بەرزلەم ناوچانە لە هەزارەی سێیەمی پێش زایندا.



وێنەی 2

دەرکەوتنی خواوەندێکی سەرەکی ژن

وەرگیراوە لە: (حاج درویش، ٢٠١٦: ٣٨٤، شكل. ٧٥)

**7.2.2.چاپی مۆرێکی شاژنە ئوقنیتوم:** لەم چاپی مۆرەدا گرنگی دانیشتنی خێزانی پاشا تۆپکیش(2280پ.ز) و شاژنە ئوقنیتومی خێزانی پیشاندەدات وێنەی(3)، خاوەنی ئەم مۆرە بۆ شاژنە ئوقنیتوم دەگەڕێتەوە، بە بەڵگەی بوونی نوسینی ناوی شاژن کە خۆی وەک هاوسەری پاشا تۆپکیش ناساندووە( لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە لە شاری ئۆرکیشی خورییەکان ژمارەیەکی زۆری چاپی مۆری لولەیی دۆزراوەتەوە، شەشیان تایبەتەن بە شاژنە ئوقنیتوم خزمەتکارەکەی(بۆ زانیاری زیاتر و بینی چاپی مۆرەکان دەڕوانرێتە: حاج درویش، ٢٠١٧: ١٥١-١٥-Buccellati/Kelly Buccellati, 1996:131-132, Fig. 6-7-8-9;). لەم چاپی مۆرەدا شاژنە ئوقنیتوم لەلای چەپی مۆرەکە دانیشتووە جلێکی درێژی قات قاتی لەبەردایە، قژێکی درێژی پرچکراوی لەدواوە هەیە، منداڵێکی لە باوەشدایە، لەبەرامبەری پاشا(تۆپکیش) دانیشتووە، منداڵێکی تر لە ناوەڕستیاندا بەرەوڕووی پاشا وەستاوە تاجێکی لەسەردایەو بەشی سەرەوەی لاشەی رووتە، تەنورەیەکی درێژی لەبەردایە و دەستی لەسەر ئەژنۆی پاشا داناوە.

لێرەدا توێژە ئەیەوێ ئەوە بخاتە ڕوو، کە شاژن لە پلەیەکی بەرزدا سەیرکراوە، هەر لەبەر ئەمەشە بەهەمان قەبارەی پاشا وێنەکراوە، لەهەمان کاتدا کورسیەکانی هەردوکیان بەهەمان شێوەیە دروستکراون. دیمەنی ئەم مۆرە پێمان دەڵێت شاژن خۆی گرنگی بەمنداڵەکانی داوە، خۆی شازادەی جێنشین پەروەردەی دەکات.



وێنەی 3

چاپی مۆری شاژنە ئۆقنیتوم

وەرگیراوە لە:( Buccellati/Kelly-Buccellati
(1996:131, Fig. 6, q2)

## 8. دیمەنە هونەرییەکانی هەزارەی دووەم

### 8.1 هەڵکۆڵراوەکانی هەزارەی دووەم

**8.1.1 هەڵکۆڵراوی ئانوبانینی:** هەڵکۆڵراوی ئانوبانینی دەکەوێتە نزیک هەڵکۆڵراوی سەرپول زەهاو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەم هەڵکۆڵراوەدا خواوەند ئیشتار وەستاوە لەبەرامبەر کەسێک بە ناوی ئانوبانینی، پاشای لوللوبییەکان بووە(Nasrabadi, (2004): 291) زۆرێک لە توێژەران لە دیاریکردنی مێژووی ئەم هەڵکۆڵراوە پشت دەبەستن بە نموونەی نوسینی سەرەتای چاخی بابلیی کۆن واتا سەدەیەک دوای کۆتاییهاتنی بنەماڵەی ئووری سێیەم، بەڵام دەرکەوتنی گورز و بازن لە هەڵکۆڵراوەکەدا بیروڕاکە دەگۆڕێت، بەبڕوای Börker-Klähn بۆ سەرەتای سەردەمی ئورنەمو (2047-2030 پ.ز.) دەگەڕێتەوە (Börker-Klähn, 1982: 138-39)، لە کاتێکدا بە پێچەوانەی ئەم بۆ چوونەوە، لەسەردەمێکی کۆنتردا واتە لە سەردەمی ئەکەدییدا لە دیمەنێکی هونەریدا دەردەکەوێت خواوەند ئیشتار بازن دەدات بە نرام-سین (Hansen, 2003: 206: Fig.133). لە کۆندا لەمیسۆپۆتامیا ئەمە هێمای دەسەڵات و خواوەندێتییە، کە دەدرێت بە پاشا(Porada,1965: 40

). خواوەند ئیشتار لە وێنەی (4)دا لەبەرامبەر پاشا وەستاوە، کڵاوێکی شێوە لولپێچی لەسەردایە، بە ئەڵقەیەک کۆتایی بەکڵاوەکە هاتووە، ملوانکەیەکی لەملدایە هەموو ملی داپۆشیوە، جلێکی قات قاتی درێژی لەبەردایە، شانێکی داپۆشراوە، دەستی چەپی بۆ دواوە ڕاگرتووە گوریسێکی پێیە کۆتاییەکەی دوو ئەلقەی پێوەیە، کە هەریەکێکیان لەلووتی دیلەکاندایە، بە دەستی ڕاستی بازنێکی بۆ پاشا ئانوبانینی ڕاگرتووە، لەگەڵ ئەمانەشدا خواوەند ئیشتار دوو جۆر چەکی هەڵگرتووە(محمد کەلهوڕی، ٢٠١٧، ١٨٧-١٨٨). لەخوارووی دیمەنەکەشدا شەش دیلی رووت بە ڕیز دەردەکەون، ئەوەی پێشەوەیان کڵاوێکی پەرداری لەسەردایە و لەوانەیە پاشا یان گەورەکەیان بێت، بەپێی نموونەی نووسینەکەی بێت مێژووی هەڵکۆڵراوەکە بۆ دوای سەردەمی بنەماڵەی ئووری سێیەم دەگەڕێتەوە( Nasrabadi, (2004): 292; Herzfeld, 1941:183).

لێرەدا ئەوە روونە، کە هۆکاری سەرکەوتنی پاشا لە شەڕەکەدا خواوەند ئیشتار بووە، لە بەرامبەر سەرکەوتنەکەشدا دیاری پێشکەشی پاشا دەکات. ئەم دیمەنە هونەرییە پێمان دەڵێت، کە ئەم خواوەندە ژنە یارمەتی پێشکەشی هەر پاشایەکی دابێت لە شەرکردندا، پاشاکە سەرکەوتنی بەدەست هێناوە، کەواتە خواوەندانی مێینە ڕۆڵیان لە شەڕدا هەبووە.



وێنەی4 هەڵکۆڵراوی ئانوبانینی.

وەرگیراوە لە:( Compareti, (2007), 206: Fig:1; Postgate and Roaf, 1997: 153: fig. 7).



هێڵکاری:توێژەر

**8.1.2 هەڵکۆڵراوی ئیددین-سین:** یەکێکیترلە هەڵکۆڵراوەکانی کوردستان، زۆر بەگرنگییەوە دیمەنی ژنی تێدا دەرکەوتووە، ئەویش هەڵکۆڵراوی(ئیددین-سین)ە، ئەم هەڵکۆڵراوە دەکەوێتە گوندی بەردی سانجیان، لە ناحییەی بێتواتە لە باکووری ڕۆژئاوای قەزای ڕانیە(Frayne (2009): 510)، ئێستا لە مۆزەخانەی ئورشەلیمە لە ئیسرائیل( Shaffer,and,Wasserman, 2003: 1).

لەهەڵکۆڵراوەکەدا وێنەی(5)، لەلای ڕاست خواوەندێکی ژن، کە پێدەچێت خواوەند ئیشتار بێت وەستاوە، لای چەپی هەڵکۆڵراوەکە پاشا وەستاوە، وەک هێمای سەکەوتنەکەی قاچی چەپی لەسەر دوژمنەکەی داناوە، خواوەندە ژنەکە دەستێکی بۆلای پاشا ڕاگرتووە، کڵاوێکی شێوە لولپێچی لەسەردایە، ملوانکەیەکی لەملدایە، جلێکی قات قاتی درێژی لەبەردایە، دەستێکی دیارنییە، بەهۆی لەناوچوونی بەشێکی هەڵکۆڵراوەکە، واپێدەچێت بەدەستی ڕاستیشی ئەلقەی سەرکەوتنی بۆ ئیددین-سین ڕاگرتبێت، ئەمە لە کاتێکدا توێژەر لە باسی هەڵکۆڵراوی پێشتردا(ئانوبانینی) باسی لەوەکردووە کە خواوەند هۆکاری سەرکەوتنی پاشایە لە جەنگدا، هەر لەبەر ئەمەشە هێمای دەسەڵات پێشکەشی پاشا دەکات.



- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps**://sjh.univsul.edu.iq/, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12556]
- **Submission Date:** [23/02/2026], **Revised Date:** [25/02/2026], **Accepted Date:** [14/05/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

وێنەی5

دەرکەوتنی خواوەند ئیشتار لە هەڵکۆڵراوی پاشا ئیددین-سین

وەرگیراوە لە:( Postgate, 1997, 151. Fig. 8;
.(Shaffer,and,Wasserman, 2003: 40: Fig.6

**8.2 مۆرەکان:** دەرکەوتنی دیمەنی ژن بەشێوە و ئەرکی جۆراو جۆرو، لەسەر ژمارەیەکی زۆری جێ مۆر لە ناوچە کوردستانییەکان، بابەتی توێژینەوەکەمان دەوڵەمەنتر دەکات. لێرەدا ئاماژە بە چەند جێ مۆرێک دەکەین.

**8.2.1 جێ مۆرێک لە گردی براک:** دەرکەوتنی خواوەندە ژنێکی رووت لە گردی براک (ناگار ئەم گردە دەکەوێتە ڕۆژئاوای کوردستان، نزیک شاری حەسەکە، ناوی لە دەقەمێخییەکانی هەزارەی سێیەم و دووەمی پ.ز. هاتووە. بۆ زانیاری زیاتر دەڕوانرێتە Novák, 2007: 393; Oates and Sołtysiak, (2008): 390; Eidem, (1998): 75-77.)، لە دیمەنی سەر چاپی مۆرێک، خواوەندە ژنێکی رووتی باڵدار (أ)، لەلای ڕاست وەستاوە، وا پێدەچێت هەردوو دەستی بەرزکرد بێتەوە بۆ پارانەوە، هەرچەندە یەک دەستی دیارە، کەسێک/ بەندەکەی لەبەرامبەریەتی.



أ

وێنەی 6

چاپی مۆریکی لولەیی لە گردی براک

وەگیراوە لە :(Matthews, 1997, 49 Fig. 67)

**8.2.2 جێ مۆرێک لە نوزی:** دەرکەوتنی خواوەند لاما، ( کۆنترین ئاماژە بۆ خواوند لاما دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئیئەنناتومی یەکەم لە لەگەش: Konstantopoulos, 2015: 48).

لە جێ مۆرێکی شوێنەواری نوزی (شارێکی خورییەو بە شێک بووە لە ئیمپراتۆریەتی میتانی: Novák, 2007: 390). بە شێوەیەکی بەرچاو خواوەند لاما لەسە جێ مۆرەکانی نوزی دەرکەوتووە، ئیشی سەرەکی ئەم خواوەندە ژنە نێوەندگیریە لە نێوان مرۆڤ و خواوەندە گەورەکان( حاج درویش، ٢٠١٦: ٢١٦)، لە جێ مۆرێک سێ کەس دەردەکەوتوون، وێنەی(7)، لەلای چەپ خواوەند لاما لەبەرامبەر پاشا وەستاوە، کڵاوێکی لەسەردایە قژی لەژێر کڵاوەکەوە هاتۆتە خوارەوە، دەستێکی نیوە بەرز کراوەتەوە، دەستەکەی تری شۆڕ کردووەتەوە ، جلێکی درێژی قات قاتی لەبەردایە.



وێنەی 7

دەرکەوتنی خواوەند لاما

وەگیراوە لە: ( Stein, 2001: Fig, 684, 170.; Herles,
(2006: Nr.198, Taf. 68.

**8.2.3 پەیکەر:**لەهونەریپەیکەرتاشیشدا ژن بەرجەستەکراوە، نموونەی ئەمەش وێنەی(8)، لە شاری نوزی و بە دیاریکراوی لە پەرستگای ئیشتار، پەیکەری خواوەند ئیشتار لە عاج دروستکراوە دۆزراوەتەوە، کە مێژووەکەی بۆ سەردەمی میتانییەکان دەگەڕێتەوە(Herles, 2006: 133.). لەم پەیکەرەدا دەبینین خواوەند تاجێکی لولەیی شاخداری لەسەردایە، هەردوو دەستی بۆسەرسنگی بەرزکردۆتەوە، بەشی سەرەوەی لاشەی ڕووتە، پشتوێنێکی سێ ڕیزی یاخود سێجار لولکراوی لە پشدایە، پارچەیەکی درێژی بەدوایدا شۆڕبۆتەوە، پێڵاوی لەپێدا نییە.



وێنەی 8

پەیکەری خواوەند ئیشتار لە نوزی

وەرگیراوە لە: (Herles, 2006: Nr.550, Taf. 124).

## 9. دیمەنە هونەرییەکانی هەزارەی یەکەم

### 9.1 هەڵکۆڵراوەکانی هەزارەی یەکەم

**9.1.1 نەخشە چیاییەکان لە بادینان:** لە ناوچەی بادینان سێ هەڵکۆڵراو دیمەنی ژنە خواوەندیان تێدا دەردەکەوێت، مێژووی ئەم هەڵکۆڵراوانە بۆ سەردەمی ئاشوری نوێ(٩١١-٦١٢ پ.ز.) دەگەڕێتەوە(ئاشورییەکان گەلێکی دێرینی میسۆپۆتامیا بوون، لە سەرەتای هەزارەی دووەمەوە کۆچیان کرد بۆ باکوری میسۆپۆتامیا. بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئاشورییەکان دەڕواندرێتە: باقر، ٢٠٠٩: ٥٢٠-٥٢١) لەم هەڵکۆڵراوانەدا، دوو خواوەندی ژن(موللیسو ئیشتار) دەردەکەون.

**9.1.2نەخشی چیای فایدە:** ئەم شوێنەوارە دەکەوێتە باشوری شاری دهۆک، نەخشەکە دیمەنی کاروانی خواوەندەکان نیشاندەدات بە نوێنەرایەتی پاشا، هەڵکۆڵراوەکە لەلایەن پاشاکانی ئاشوری دروستکراوە، دیمەنەکە حەوت خواوەندن لەسەر ئاژەڵە ئەفسانەییەکان، لەگەڵ پاشا کە لە سەرەتا و کۆتایی کاروانەکەدا دەردەکەوێت(بۆ زانیاری زیاتر دەڕوانرێتە: Bonacossi, 2021: 51-53)، ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە هەردوو ژنە خواوەند و موللیسسو و ئیشتار.

لەم هەڵکۆڵراوەدا وێنەی(9)، خواوەند ئاشور و ژنەکەی خواوەند موللیسو لەسەرەتای نەخشەکەوە دەرکەوتوون(Curtis, and Reade, 1995: 36)، خواوەند موللیسو لەسەر تەختێکی ڕازاوە دانیشتوە، تەختەکە، بە چەند دیمەنێکی ئەفسانەیی ڕازێنراوەتەوە، خواوەند موللیسو کڵاوێکی لەسەردایە، قژێکی درێژی لوول بە پشتیدا هاتوتە خوارەوە، ملوانکەیەکی پانی لە ملدایە، جلێکی درێژی دوو پارچەی لەبەردایە، بازن لەهەردوو دەستیدا هەیە، دەستی ڕاستی بەرزکردۆتەوە بە دەستی چەپیشی ئەڵقەیەکی گرتووە، پێڵاوی لە پێدا نییە. دووەم خواوەندە ژن لە هەڵکۆڵراوەکەدا خواوەند ئیشتارە و لە ڕیزەکەدا کۆتا خواوەندە، بەهەمان شێوەی خواوەندەکانیترلەسەر تەختێک بە پێوە وەستاوە، تەختەکە لەسەر پشتی شێرێکە، کڵاوێکی لەسەردایە، قژی پرچکراوە، جلەکانی تا سەرپێیەکانی هاتووە، دەستی ڕاستی بەرزکردۆتەوە، دەستبەندێکی لە دەستدایە بە دەستی چەپیشی ئەڵقەیەکی بازنەیی گرتوە، جۆرێک پێڵاوی لە پێدایە، پەنجەکانی کراوەن.

ئەوەی جێی سەرنجە لەم هەڵکۆڵراوەدا، تەنها خواوەند موللیسسو لەسەر عەرشەکەی دانیشتووە، بەپێچەوانەی خواوەندەکانیتر هەموویان بەپێوەن، لەگەڵ ئەوەشدا جلوبەرگی ئەم دوو خواوەندە زۆر لەیەکەوە نزیکن، بوونی ئەم دوو خواوەندە ژنە سەرەڕایی بوونی بایەخێکی زۆر کە لەسەردەمی ئاشورییەکان بە خواوندە ژنەکان دراوە و لەم دیمەنەشدا دەردەکەوێت خواوەند موللیسو هاوتای خواوەند ئیشتار بێت لەلای ئاشورییەکان.


- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps:**//sjh.univsul.edu.iq/, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12556]
- **Submission Date:** [23/02/2026], **Revised Date:** [25/02/2026], **Accepted Date:** [14/05/2026], **Published Date:** [30/9/2026]



**وێنەی 9**

نەخشی چیایی فایدە، دەرکەوتنی هەردوو خواوەند موللیسسو و ئیشتار هێڵکاری توێژەر

وەگیراوە لە:(Bonacossi, 2021: Fig.7).

**9.1.3 نەخشە چیاییەکانی ماڵتا/هەڵامەتا:** ئەم نەخشە دەکەوێتە سەر چیای زاوا لە باشوری ڕۆژئاوای پارێزگای دهۆک، بەهەمان شێوەی نەخشی چیای فایدە، حەوت خواوەند لەسەر ئاژەڵە پیرۆزکانیان دەردەکەون وێنەی(10). لە ناویاندا هەردوو خواوەندە ژن موللیسسو و ئیشتاری تێدایە. خواوەند موللیسو لەسەر پشتی شێرێک وەستاوە، کڵاوێکی شاخداری لەسەردایە، خواوەند ئیشتاریش لەسەر شێرێک وەستاوە، کڵاوێکی لەسەردایە کە، وەک لە وێنەکەدا دەردەکەوێت بە دەستی چەپی ئەڵقەیەکی بازنەی هەڵگرتووە، دەستی ڕاستیشی بەرزکردۆتەوە، کراسێکی درێژی لەبەردایە تا سەرپێکانی دێن.

هەردوو نەخشی ماڵتاو چیای فایدە بۆ سەردەمی ئەسەرحەدون(٧٠٤-٦٨١پ.ز.) کوڕی سەنحاریب دەگەڕێتەوە (Bonacossi, (2021): 55)



وێنەی 10

نەخشی ماڵتا/هەڵامەتا

وەرگیراوە لە:( Curtis, and Reade, 1995: 37: (Fig.17

**9.1.4 نەخشە چیاییەکانی خەنەس/خنس:** خەنەس یەکێک بووە لە شارە میتانییەکان. دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی شاری دهۆک و ڕۆژئاوای ئاکرێ، پاشا ئەسەرحەدون(٧٠٤-٦٨١ پ.ز.) پرۆژەیەکی گرنگی ئاودێری دروستکرد، ئەم نەخشەی بە ڕووی چیاکەدا لە تەنیشت ڕووبارەکە هەڵکەندووە(بۆ زانیاری زیاتر دەڕوانرێتە: Bonacossi, 2021: 44-46)، لەم نەخشەدا وێنەی (11)، چوار کەس دەرکەوتووە، دوانیان خواوەندن و لە ناوەڕاستی دیمەنەکەدا بەرامبەر یەک وەستاون(ئاشور و موللیسو) خواوەند موللیسو لەلای ڕاست لەسەر پشتی شێرێک وەستاوە، کڵاوێکی لەسەردایە کۆتایی کڵاوەکە شێوە بازنەییە، لەسەر کڵاوەکەش سێگۆشەیەکی بچووکی پێوەیە، قژی بەکراوەیی لە ژێر کڵاوەکەیەوە بەسەر شانیدا هاتۆتە خوارەوە، گوارەیەکی گەورەشی لە گوێدایە، دەستی ڕاستی بەرزکردۆتەوە، دەستی چەپی ئەڵقە ودارعەسایەکی گرتووە، بازن لە هەردوو دەستیا هەیە، کراسێکی درێژی تا سەرپێیەکانی لەبەردایە بەشی خوارەوەو لێوارەکانی خەت خەتە پێڵوێکی کراوەی لە پێدایە. بەگشتی شێوەی جلوبەرگ و کڵاوەکە هاوشێوەی جلوبەرگ و کڵاوی خواوەند ئاشور/ هاوسەرەکەیەتی.

لە دواتردا و لە هەزارەی دووەمی پێش زایندا بەڵگە شوێنەوارییەکان ئەوە ئەسەلمێنن کە ژنان ڕۆڵ و پلەی بەرزیان هەبووە، بۆ نموونە دەرکەوتنی خواوەند ئیشتار لە سەر هەردوو هەڵکۆڵراوی ئانوبانینی و ئیدین سین، ئەوەمان پێدەلێت کە خواوەندێکی مێینە توانیویەتی ببێتە هۆکاری سەرکەوتنی هەر پاشایەک کە پشتگیریکردووە، ئەم خواوەندە ژنە لەهەردوو هەڵکۆڵراوەکەشدا بەهەمان شێواز و دەرکەوتووە، لەشێوەی وەستانی، جل وبەرگی، بوونی چەکاکانی، خشڵ و جوانکارییەکانی و پێدانی هێمای دەسەڵات بە پادشا، واتە ئەم خواوەندە ژنە دەسەڵاتدار و پلە بەرزە، نەک تەنها لەیەک دەرکەوتنندا بەڵکو شوناسی ژنی سەلماندووە کە ئەتوانێ وەک خواوەندێکی پلە یەک بەردەوام بێت لە دەسەڵات.

هەروەها دەرکەوتنی خواوەندە ژنێکیتر (خواوەند لاما) لە سەر چاپی مۆرەکان وەک ناوەندگیرێک و ئاشتی خوازێک لە نێوان مرۆڤ و خواوەندە گەورەکان، ئەمەش ڕۆڵ و گرنگی ژن لە ئەرکی سیاسی و دینیشی دەردەخات.

ئەگەر بێینە سەر باسی هەزارەی یەکەم بەهەمان شێوەی سەردەمەکانی پێشتر ژنان هەردەم شوناسی خۆیان پاراستووە و بەردەوم بوون لە کارەکانیان(ماڵەوە و دەرەوە)، لە هەڵکۆڵراوەکانی ناوچەی بادینان خواوەن موللیسو(هاوسەری خواوەند ئاشور) دەرکەوتووە، لە ئاستی خواوەندە نێرینەکاندان و بەهەمان شێواز و گرنگییەوە نەخشکراون.

هەموو ئەم بەڵگانە ئەوە نیشاندەدەن، کە ژن وەک تاکێکی تایبەت توانیویەتی شوێن دەستیان لەهەموو بوارەکانی ژیاندا دیاربێت، لەگەڵ بەرێکردنی کاروباری ماڵەوە و ئەرکی منداڵ بەخێوکردن، کاری دەرەوەشیان بەسەرکەوتوویی بە ئەنجام گەیاندووە، ئەوەش ڕوونە کە ژنان شوناسی تایبەت بە خۆیان هەبووە، بەردەوام پارێزگاریان لەم شوناسەکردووە، تا ڕۆژگاری ئەمرۆمان دەتوانین شانازی پێوەبکەین.



وێنەی11

وێنە و هێڵکاری نەخشی سەرەکی خەنس

وەرگیراوە لە: (Hasan, 2019: 103: Fig.127B)

## 10.ئەنجام:

توێژەر لە ڕێی ئەم توێژینەوەیە گەیشتە ئەنجامی ئەوەی پاشماوە هونەرییەکان یەکێکن لە ڕێگاکانی مانەوەی میراتی مێژوویی و کلتوریی شارستانییەتە دێرینەکانی کوردستان، ئەم دیمەنە هونەرییانە کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر دەوڵەمەندکردن و دەرخستنی شوناسی ژنان لە کوردستاندا هەیە.

ئەگەر لە هەزارەی سێیەمی پێش زاینەوە دەستپێبەکەین، دەبینین بە شێوەیەکی بەرچاو ژنان لە دیمەنە هونەرییەکاندا دەرکەوتوون. لە دیمەنی هەڵکۆڵراوی گوندوک زیاتر لە ژنێک دەرکەوتووە، ئەم ژنانە منداڵیان پێیە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر گرنگی زۆری ژنان بە منداڵەکانیان و دانانی کاتی تایبەت بۆیان، هەر لەم هەزارەیەدا لە ڕێگەی دەقە مێخییەکانەوە ئاشنای ناوی چەندین کەسایەتی ژن بووین بە تایبەتیش شاژنە ئوقنیتوم کە مۆری تایبەت بەخۆی هەیە، شاژن لەم ڕێگەیەوە خۆی ناساندووە وەک هاوسەری پاشای خوری تۆپکیش، لە ڕێگەی دیمەنی مۆرەکەشەوە ئەوە ئەسەلمێنێ، دایکی شازادەی جێنشینە و خۆیی بە گرنگییەوە ئاگای لە پەروەردەکردنییەتی.

• **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
• **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/**, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12556]
• **Submission Date:** [23/02/2026], **Revised Date:** [25/02/2026], **Accepted Date:** [14/05/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

## 11.ليستی سەرچاوەكان:


I. باقر، طه، ٢٠٠٩، *مقدمة في تاريخ الحضارات القديمة*، ط.١.

II. حاج درويش, نضال محمود, ٢٠١٦، *الآلهة والكائنات الاسطورية المركبة في سوريا وغرب بلاد الرافدين في الألف الثالث قبل الميلاد*, ط ، دار الزمان،١.

III. حاج درويش, نضال محمود, ٢٠١٧، *مملكة أوركيش الخورية (تل موزان) دراسة تأريخية وأثرية*، قامشلو.

IV. فندي، عبد الكريم، ٢٠١٣، *قلاع بادينان وبعض المواقع الأثرية فيها*، لندن.

V. محمد كەلهوڕی، وفاء طاهر، ٢٠١٧، *چەک وتفاقی جەنگی لە كوردستانی كۆن لە هەزارەی سێیەم ودووەمی پ.ز. دا. لێكۆڵینەوەیەكی شوێنەواری- هونەرییە*، نامەیەكی ماستەری بڵاو نەكراوە، زانكۆی سلێمانی.

VI. وهبی، توفيق، (١٩٨٦)، "*المنحوتات الصخرية في كهف گندك في كردستان*", *گۆڤاری كۆڕی زانیاری- دەستەی كوردی، 16-17*، بغداد، ٥٥١-٥٦٩.


## ليستی سەرچاوە ئینگلیزییەكان:


I. Börker-Klähn, J., 1982. Altvorderasiatische Bildstelen und vergleichbare Felsreliefs. Vols. I–II. BaghdaderForschungen 4. Mainz: von Zabern.

II. Bonacossi, Morandi D., 2018. Water for Nineveh: the Nineveh irrigation system in the regional context of the 'Assyrian Triangle'. In: H. Kühne, ed., *Water for Assyria*. Wiesbaden: Harrassowitz, pp. 77–115.

III. Buccellati, G. and Kelly-Buccellati, M., 1996. The royal store-house of Urkesh: the glyptic evidence from the southwestern wing. *Archiv für Orientforschung*, 42–43, pp. 1–32.

IV. . Buccellati, G. and Kelly-Buccellati, M., 1998. Urkesh and the Hurrians. In: *Studies in Honor of Lloyd Cotsen*. Urkesh/Mozan Studies 3. Malibu, pp. 11–34.

V. Compareti, M., 2007. The eight-pointed rosette: a possible important emblem in Sasanian heraldry. *Parthica: Incontri di Culture nel Mondo Antico*, 9, pp. 205–232.

VI. Curtis, J.E. and Reade, J.E., 1995. *Art and Empire: Treasures from Assyria in the British Museum*. London: British Museum Press.

VII. Debevoise, N.C., 1942. The rock reliefs of ancient Iran. *Journal of Near Eastern Studies*, 1, pp. 76–105.

VIII. Eidem, J., 1998. Nagar. *Reallexikon der Assyriologie*, 9(1/2), pp. 75–77.

IX. Frayne, D., 2009. Simurrum. *Reallexikon der Assyriologie*, 12, pp. 508–510.

X. Hansen, D.P., 2003. Art of the Akkadian dynasty. In: J. Aruz, ed., *Art of the First Cities: The Third Millennium B.C. from the Mediterranean to the Indus*. New York: Metropolitan Museum of Art.

XI. Herles, M., 2006. *Götterdarstellungen Mesopotamiens in der 2. Hälfte des 2. Jahrtausends v. Chr.: Das Anthropomorphe im Verhältnis zum Symbol*. Alter Orient und Altes Testament 329. Münster.

rituals at Tell Brak. *Antiquity*, 82, pp. 390–400.

XX. . Porada, E., 1965. *Ancient Iran: The Art of Pre-Islamic Times*. Baden-Baden.

XXI. Postgate, J.N. and Roaf, M.D., 1997. The Shaikhan relief. *Al-Rāfidān*, 18.

XXII. Shaffer, A. and Wasserman, N., 2003. Iddi(n)-Sin king of Simurrum: new rock relief inscription and a reverential seal. *Zeitschrift für Assyriologie*, 93. Berlin.

XXIII. Stein, D., 2001. The Pula-Ḫali family archive (seals and sealing practice). In: D.I. Owen and G. Wilhelm, eds., *SCCNH*, 11. Bethesda, MD.

## Abstract

Kurdish women played important roles in all areas of society in ancient Kurdistan, going from simply being women, mothers, and taking care of household affairs to a position that held a special place in all important fields. Thus, the artistic scenes illustrate how women are not viewed as minorities or marginalized classes in this context, rather, they served as the first Gods who directly influenced women's identity, as well as leaders, responsible, and advisors. These themes have been fully reflected in the artistic scenes and influenced the identity of women as a whole.

In this paper, the researcher tries to present a clear picture of the hidden side of women's identity since ancient times by interpreting archaeological evidence. Additionally, it should highlight the history of women's presence in the artistic scenes and

XII. Herzfeld, E., 1941. *Iran in the Ancient East*. London and New York.

XIII. Kelly-Buccellati, M., 2005. Urkesh and the north: recent discoveries. *SCCNH*, 15, pp. 29–40.

XIV. Konstantopoulos, G.V., 2015. *They Are Seven: Demons and Monsters in the Mesopotamian Textual and Artistic Tradition*. PhD dissertation. University of Michigan.

XV. Matthews, D., 1997. Seals and sealing (The Mitanni seals from Tell Brak). In: D. Oates, J. Oates and H. McDonald, eds., *Excavations at Tell Brak: The Mitanni and Old Babylonian Periods*. Cambridge: University of Cambridge, Vol. 1.

XVI. Morandi Bonacossi, D., 2021. *Stolen Heritage: Multidisciplinary Perspectives on Illicit Trafficking of Cultural Heritage in the EU and the MENA Region*, pp. 182–189.

XVII. Nasrabadi, B.M., 2004. Beobachtungen zum Felsrelief Anubaninis. *Zeitschrift für Assyriologie*, pp. 291–303.

XVIII. Novák, M., 2007. Mittani empire and the question of absolute chronology: some archaeological considerations. In: M. Bietak and H. Hunger, eds., *The Synchronisation of Civilisations in the Eastern Mediterranean in the Second Millennium B.C. III*. Vol. 9, pp. 389–401.

XIX. Oates, J., Molleson, T. and Sołtysiak, A., 2008. Equids and an acrobat: closure

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/**, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12556]
- **Submission Date:** [23/02/2026], **Revised Date:** [25/02/2026], **Accepted Date:** [14/05/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

emphasize their role, position, and significance. The researcher also attempts to present the different viewpoints that talk about the influence and reflection of women's nature on their identity. Furthermore, the researcher tries to answer all the questions that women's appearance in important positions was motivated by themselves or have social, political or religious influences led them to achieve their goals? Moreover, art itself actively participates in the construction and transformation of gender identity.”

**Keywords:** Women's identity, Art scene, God, ancient Kurdistan, archaeological evidence.

## ملخص

لعبت المرأة الكردية أدوارا مهمة في جميع مناحي الحياة في كردستان القديمة، حيث انتقلت من مجرد كونها امرأة وأما تعتني بشؤون المنزل إلى مكانة مرموقة في جميع المجالات المهمة. وهكذا، توضح المشاهد الفنية كيف لم ينظر إلى المرأة كأقلية أو فئة مهمشة في هذا السياق، بل كانت بمثابة الآلهة الأولى التي أثرت بشكل مباشر على هوية المرأة، بالإضافة إلى كونها قائدة ومسؤولة ومستشارة. وقد انعكست هذه المواضيع بشكل كامل في المشاهد الفنية، وأثرت على هوية المرأة كل

في هذه الورقة، تحاول الباحثة تقديم صورة واضحة للجانب الخفي من هوية المرأة منذ العصور القديمة من خلال تفسير الأدلة الأثرية. بالإضافة إلى ذلك، ينبغي أن تسلط الضوء على تاريخ حضور المرأة في المشاهد الفنية، وتؤكد على دورها ومكانتها وأهميتها. كما تحاول الباحثة عرض وجهات النظر المختلفة التي تتحدث عن تأثير طبيعة المرأة وانعكاسها على هويتها. علاوة على ذلك يحاول الباحث الإجابة على كافة التساؤلات هل كان ظهور المرأة في المناصب المهمة بدافع ذاتي أم أن لها مؤثرات اجتماعية أو سياسية أو دينية دفعتها لتحقيق أهدافها، وعلاوةً على ذلك، يساهم الفنّ بحدِّ ذاته مساهمةً فاعلة في بناء الهوية الجندرية وتحويلها«.

**كلمات افتتاحية**: هوية المرأة، المشهد الفني، الإله، كوردستان القديم، الدلائل الآثارية.